# چەند ئاماژەیەکی مێژووی بۆ هاوپەیمانیەتی نێوان هۆزەکانی ماد

ن/موحەمەد گەلاڵەیی

زانکۆی سەلاحەددین _ بەشی مێژووی کورد

**سەرەتا**/مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد پڕە لە سیستمی جۆراو جۆری حوکمڕانی و هاوپەیمانیەتی هەمەلایەنە جاچ لەگەڵ لایەنی دەرەوە یان ناوەخۆی کوردستانەوە بێت,وە سنوری ڕاستەقینەی جوگرافیای کوردستانیش مەڵبەندی ئەو سیستەمەو حوکمڕانیانەیە بوینە, دروستبونی دەوڵەتی "ماد یا میدیا".یەکەمین سیستەمی حوکمڕانی کوردە لە خاکی خۆی و ڕۆژهەلاتی ناویندا,وە دەوڵەتێکی فرە چەشن پێکهاتوو بووە،لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵی ئەوسای کوردستانی وە بۆ نزیکەی دوو سەد ساڵ(200) حوکمڕانی ڕۆژهەلاتی ناوین و کوردستان بە گشتی بکات .لە ماوەدای ئەو حوکمڕانیەدا .چەندین هاوپەیمانیەتی ستراتیژی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و بازرگانی بەستراوە,ئەم هاوپەیمانیەتانەش جا چ لەسەر ئاستی دەرەوە یا ناوەوە بن, یەکیش لەو هاوپەیمانیەتە هەر بایەخانە کە هۆزەکانی "ماد" کە بەستوویانە لە 2705ساڵ بەر لەئێستا کە لە ئەنجامیدا دروستبوونی دەوڵەتی "مادی" لێکەوتەوە،کە ئەویش هاوپەیمانیەتی مێژووی نێوان هۆزەکانی ماد بووە.

## هۆزەکانی ماد کێن

یەکەمین ئاماژەکردنی تایبەت بە ڕەسەنایەتی وشوێنی "میدیەکان" کرابێت لە نوسە کۆنەکانو وە هی پادشا ئاشووریەکان کە لەسەدەکانی هەشتەمی پێش زاین نوسراون،وە بەتایبەتیش لە نوسینەکانی پادشای ئاشوری (شەل مەنسری سێ یەم) (824_858)پ.ز،کە ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت کە کاتێك هێرشیان کردووە،بۆ سەر ناوچەچیاکانی زاگرۆسو کوردستانو وولاتی ئێران ,وە هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا کە ناوی "مادەکان" لە هەوالانەدا هاتووە کە بەشێوەزاری زمانی (ئەمادی AMADIA) نوسراون کە ئەمەش لەسالی 836 پ .ز بووە ,وە لە سەرچاوەکان ئاماژە کراوە بە شوێنی نیشتەجێبونیان کەلەناوچەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی دەریاچەی ورمیێو لە سەر سنووری هەمەدان بوینە کە دەکاتە(ئەکباتانی) ئەوکات .وە هەروەها لە سەرچاوەیەکی تری مێژووی کە لە سەردەمی گەرانەوەی (عەهدی عەتیق) لەتەوراتی پیرۆزدا هاتووەو دەڵێت وولاتی "ماد"ئەو وولاتەیە کەسنورەکەی لەلای باکوری خۆرهەلاتتیەوە رووباری (ئەرکسس)* وە لە خۆرهەلاتیەوە دەریای قەزوینو قرشیە وە هەکانیەو لە باشووری دەشتی فارس و لای خۆرئاوای (سوسیان)*وئاشور و ئەرمەنستانە،درێژی ئەم وولاتە لە باکورەوە بۆ باشوور(550)میلە وە پانیشیلە خۆرهەلاتەوە بۆ خۆرئاوا(250_300)میلەوە رووبەرەکەی (1500,000)میل چوار گۆشەیە ،وولاتلی"ماد" لەکۆندا بۆ شەش بەش دابەشکرابوو ،بەلاّم لەسەردەمی یۆنانیەکانو ڕۆمانیەکاندا دابەشکرابوو بۆ دووبەش یەکێکیان پێدەوترا (ئاترۆپانییە) ئەوەی تریش(مادی گەورە) سەبارەت بەبەشی یەکەم زەویەکانی باکووربوو کەکەوتبووە نێوان دەریای قەزوینو چیاکانی رووباری زاگرۆس،ئەم خاکە(300)میل بەپیت بووە،هەمووجۆرە سەوزایەك لە وولاتە دەڕوا.بەلاّم بەشی دووەم کە(مادی گەورە)دەکەوتە باشورو خۆرهەلاتی (ئەترۆپانیتە_واتا بەشی یەکەم) خاوەنی دارو درەختوبێشەودارستانی گەورەوگرنگ بە پیت بووە بەلاّم لەلای خۆرهەلاتو باشوری خۆرهەلاتیش تا کێکی لماوی بیابانی فارس بووە(ئەکباتان)یش شارۆچکەی ناسراوی هەردووبەشەکە بووە واتا بەدەردەکە وێت کە پایتەختی هەردوو بەشی "مادی گەورەو بچوك" دەبێت لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی (میدیا) کە مادەکان بنیاتی دەنێن سەبارەت بەمانای ووشەی (ماد)یش، لە سەرچاوە کۆن و نوێکاندا زۆر لێکدانەوەی بۆ کراوە کە زۆربەیان لە سەر یەك مانا گردەبنەوە ئەویش ووشەی(مادا یاخود ماد ) بە مانای (زەوی یان وولات دەبەخشێت ).بە تایبەتیش لە دەقە بزماریەکاندا پێ لە سەر ئەم مانایەدا دا دەگرن.

## بارودۆخی هۆزەکانی ماد پێش بەستنی هاوپەیمانیەتیەکە.

"مادەکان" بە شێوەی پەرت و بلاّو لە چەند کۆمەڵگایەکی تیرەیدا دەژیان،وە بە هۆی چەند یاسایەکی زەبر و زەنگەوە ,کە بەسەریاندا سەپێنرابوو بە سەر زەویەکانیشیاندا , کە هەمیشە لەڕەنج و ناخۆشی دابووینە کە ئەمەش لە لایەن ئیمپراتۆریەتی

ئاشووریەکاندا بە سەریاندا سەپێنرابوو لەپێش 612 پ.ز،وە ئەم گرفتەش‌و چەوساوەیش تەنیا بۆ یەك هۆز و تیرە نەبووە،بەڵکو هەموو هۆزەکانی مادی گرتۆتەوە، وە لەم بارە ناوەخۆیەدا دەژیان‌.وە ئەم چەوساندنەوەش لە سەرچاوە مێژوویەکاندا باسکراوە وەکو مێژوونوسی کۆنی یۆنانی (هیرۆدۆت) نوسویەتی"کە ئاشووریەکان بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی تاریکی فەرمانڕەوایی ناوچەی ئاسیای بچووکیان کردووە وە لەو ماوەیەدا هیچ کۆمەڵ و نەتەوەیەك نەیان توانیوە, سەرپێچی بکەن . تەنیا هۆزەکانی ماد نەبێت, کە ئەوان توانیان بۆ یەکەم جار لە دژیان رابووەستن", وە هەروەها ئاماژەش دەکات بەوەی کە ئاشوریەکان کە لە ئاسیای بچوکدا بوون بۆ ماوە پێنج سەد ساڵ فەرمانڕواتیان گرتە دەست‌و وە لەم ماوەیەدا، بە تایبەتیش لەدوای هاتنی سێ پاشای زۆر توندڕەوەکەی ئاشوریەکان کەلەنێوان سالآنی (833_744)پ_ز هاتنەسەر تەختی پادشایەتی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری کە یەکەمیان ناوی(شەمیس ئەدوود نەرای) دووەمیان (ئەدود نەراری) سێ میان(تەگلات بەلیزە) ،کە ئەمانە زۆر توندڕەوبووینە بەرامبەر بەناوچە نیشنە "مادەکان" کە بەڵگەونوسینە مێژوویەکان‌و لیکۆڵرانی مێژوویی دەیسلمێنن کە سیاسەتی دەرەوەی ئاشوریەکان لەیەك خاڵداکۆدەبۆوە ئەویش سیاسەتی عەسکەری _دبلۆماسی بووە،گەر لە گۆشەیەکی مێژوویەوە سەیری مێژووی ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشوری بەکەین دەبینین لە شەڕ و پێکداداني گەورەیی خوێناوی لە ناوچەکەدا بەتایبەتیش لە نێوان مێژووی سالآنی 911_612 پ_ز کە چەندان هێرشیان کردۆتە، سەر ناوچەکانی ژێردەستەلآتی خۆیان‌و وولآتانی رۆژهەلات، لەو ناوەشدا هۆزەکانی ماد بێبەش نەبووینە لەم هێرش وکوشتارانەی ئاشوریەکان بەتایبەتیش لە سەردەمی (سەرجۆنی یەکەم) کە دوو هێرشی کردۆتە سەر هۆزەکانی ماد یەکەمیان لەساڵی 844 پ_ز لە بۆ ناوچەی نەمری کە کوردستانی ئێستا وە هێرشی دووەم لە ساڵی 838پ_ز جارێکی تر هێرش دەکاتە سەر ئەم ناوچەیە،ئەم هێرشانە بەروونی دیارە لە دەقە بزماریەکاندا کە پاشماوەی شارساتنیەتی ئاشوریەکانە لە سەردەمی (سەرجۆنی یەکەم) کە لەدەقە بزماریەکەدا ووتویەتی"من نیازم هەیە سەران سەری مێزۆپۆتامیا بخمە ژێر دەستەلآتی خۆمەوە لە باکوور و باشور هەموو بگرم وە شمشێری خوێنم لە ناو کەنداوی فارس بەشۆم" وە ئەم وتەیەش بەڵگەیە بۆ دەستەلآتی توندو تیژی ئاشوریەکان کە بەکاریان هێناوە لە دژی دەروبەری خۆیاندا کە "مادە"کانیش بەر ئەو شمشێری خوێناویە کەوتونەکە لە هەر گرتنە دەستەلآتی ئاشوریەکان لە نێوان سالآنی 1274_754 پ_ز "مادەکان" بە شێوەیەکی بچر بەپچری ژێر دەستی ئاشوریەکاندا بوینە،وەئەم هەموو حوکمە بێ کۆتاییە وەزۆر داریە وای لە هۆزەکانی ماد کرد بیر لە هاوپەیمانیەتێکی پتەوی نێوان خۆیان بکەنەوە بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی نەتەوەیی لەناوچەکەدا.

**هۆیەکانی ئەم هاوپەیمانیەتیش دەگەڕێتەوە بۆئەم خاڵانەی خوارەوە.**

1_ هێرشی بەردەوامی و لەشکرکێشی ئاشوریەکان بۆ سەر ناوچە نیشنەکانی "ماد" کە بۆ دوومەبەستی سەرەکی بووە:

ئەلیف _بۆئەوەی لەرووی هێزی گەورە وە خۆکردنە بالآدەست لە سەر ناوچەی رۆژهەلآتی ناوەڕاست وە ناوچە نیشنەکانی "ماد"وە توانایی هێزی لەشکر کێشی خۆیان بخەنە روو.

بێ_بۆ ئەوەی بەرگری لە فراوان بوونی ئیلامیەکان بکەن کەلەناوچەکانی (باشووری قەزوین و چیاکانی خۆرئاواقزل ئۆزۆی) بالآدەستیان هەبووە، وە ئاشوریەکان کە هێرشیان دەکردە سەر هەرناوچەیەك ناوی شارو گوندەکانیان نوسیووە، وەکوشارەکانی"پساقوتی، پارنشۆ، ئانی، ئوترین ..هتد،کە بە دیار دەکەوێت کە ئاشوریەکان زۆر بالآدەست بووینە.

2-ئازاد بوونی "دیاکۆ" کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد وە یەکەم کەس کە ڕابەرایەتی ئەو هاوپەیمانیتەی کردووە، کە لەپێشدا بە دیل گیرابوو لە لایەن هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری دور خرابۆوە بۆ وولآتی شام لە سەردەمی (سەرجۆنی ئەکەدی) دا،ئازاد کرا لەپێشدا بە شارەزوردا گەڕاوەتەوە،وە پاشان چۆتەوە ناو هۆزەکەی وە دەست نیشانیان کرد بوسەرکردایەتی کردنی دەوڵەتی "ماد".

3_کەسایەتی دیاری "دیاکۆ" لەناو هۆزەکانی "ماد" پێش ئەوەی "مادە"کان، بیکەن بەرێبەری خۆیان وە ناوونیاوبانگێك ورێزیکی تایبەتی هەبووە، وە لەهەمان کاتیشدا تیرەکانی "ماد" هەر یەکەو قەوارەیەکی سەربەخۆیان هەبووە، کەزۆر جار پەنایان دەبردە بەر

بیرکردنەوەکانی "دیاکۆ"  بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکات بەمەش "دیاکۆ" بەرە بەرە کەسێتی ئەوبەرەو سەرکردایەتی دەوڵەتی "ماد" بەرز دەبۆوە.

4_زیرەکیو هیوایەتی سەربەخۆبونو بەردەوام لەزهنیەتی "دیاکۆ"دا دەخولایەوە وەلەهەمان کاتیشدا لێهاتوبوو وە ئەو لێهاتویەش لەناوخەڵك هەڵقولاَبوو،بەمەش ئەو هەلەی بۆخۆی قۆست بۆوە بەوەش خۆی بەکەسایەتیەکی یاساناس و فەرمانڕەواو دادپەروەر و یەکگرتویی زانیوە، وە ئەوەش بەردەوام لێکیداوەتەوەکە کەسانی ستەم دیدە چۆن ئازارو ئەشکەنجە دەکێشن وەخۆیشی یەکێك بووە لەو کەسانەی کەبۆماوەیەکی زۆر دور خراوەتەوە،لە نیشتیمانەکەی.

5_"دیاکۆ"  شارەزایی لە یاساکانی کۆمەلاَیەتی و ئاسایشی ژیانو خێزانی هەبووە، وە لە ناو تیرەکاندا بەوە بەناوبانگ بووە،کە کاتێك "دیاکۆ" کەسێکی ڕاستگۆبووە وە ئاگاردار بووە لە ژیانی هەرەوەزی هۆزە نشینەکانی (ماد)،وە ئەوەیان هەڵبژارد بۆ دادوەری ڕاستەقینەی خۆیان.

6_"دیاکۆ"  تەنیا بەناوی دادوەرلەلای تیرەکانی "ماد" نەناسرابوو، بەڵکو  ئەو بە پیشتوانێکی قایمو تواناکار دادەنرا بۆ ئەنجامدانی کاروبارو تەیارکردنی "مادە"کان کە رووبەرووی دەوڵەتە زلهێزەکانی دەوروپشتی خۆیان بەبنەوە،وە لەوانەش ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەکان.

7_مێژونوسی کۆنی یۆنانی هیرۆدۆت دەڵێت"یەکانگیری "مادە"کان لەو سەردەمەدا کارێك نیە کە نکۆڵی لێبکرێ کە زۆریش پێویست بووە،کە ئەمەش وای کرد زۆر لە خەڵك بەدوای "دیاکۆ" بەکەون وەلەسەر چاوە مێژوویەکان باسی ژمارەیەکی زۆری گەورە لە پیشتیوانانی "دیاکۆ" دەکەن لە ناو هۆزەکانی "ماد" دا.

8_"دیاکۆ" دوای ئەم هەموو کارانە هەڵسا داوای لە خەڵکی هۆزەکانی "ماد" کرد کە دەبێت کۆشکی پادشایەتیو دامو دەزگاکانی دەوڵەتی"ماد" لەلایەن هۆزەکانی "ماد"وە جێ بەجێ بکرێن، وە شاری (ئەکباتانە) یان بنیات نا کە(هەمەدانی) ئێستای پێدەڵێن،کە ئەمەش لەسەر قسەی "دیاکۆ" جێبەجێکرا.

9_دوای ئەوەی دیاکۆ دەوڵەتی"مادی" دامەزراند  بە هەموو داموەدزگاو دامەزراوە یاسایی و کۆمەلاَیەتی و ئاسایشەکانەوە،هەڵسا بە دامەزراندنی (دەزگای ئاسایشی نهێنیی) کە هۆزەکانی "ماد" کە ئاسایشی ئەو قەوارە سیاسیو نەتەوەیی خۆیانی پێ بەپارێزن،هەروەکو هیرۆدۆت دەڵێت "کە ڕەگ و ڕیشەی ئەو دەزگایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (مادەکان) بە تایبەتیلە سەردەمی "دیاکۆی" دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە"، بەمەشەوە وای لێهات کە هەنگاوبنێن بۆ دروست کردنی ئیمپراتۆریەتی "ماد" کە سەر چاوەکەی لەو هاوپەیمانیەتەی "مادەکانی" گرتبوو.

**ئەنجام:**

پاش ئەو هۆکارانەی کە وایان کرد کە یارمەتیدەر بن لە لایەنی مەعنەویو مادی،بۆ دروست بونی ئەو دەوڵەتە وە  هەروەها زاڵبونی بیری یەکێتی هۆزایەتیو نەتەوەیی لەناو هەموو ریزەکانی هۆزەکانی "ماد" وە تەواوی پشتگیریان بۆ "دیاکۆ" وە ئایندەی ولاَتەکەیان بەمەش  هۆزە سەرەکیەکان یەکیان گرت لە چواچێوەی هاوپەیمانیەتێکی نێوان خۆیان  کە ئەمانە بووینە"بووسایی Bousai،پەریتکنیۆی Pareetakenoi،ئەریزانتۆی Arizantoi،بوودیوی Boudioi،موغان Magoi،ساگارتی Sagarti"

بەم یەکگرتنەش دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزیان دامەزراند  وە لەهەمان کاتیشدا ساڵنامەی کوردی لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ماد هاتەکایەوە, ئەمەش لە مێژوو دا بووە یەکەمین وەرچەر خان لە مێژووی دێرینی نەتەوەی  کورد کە لە نێوان ساڵانی 550_701 پ_ز حوکمڕانی زۆربەی  ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیان کردووە وە دەوڵەتێکی  بە هێز لەسەر ئاستی جیهاندا بێتەکایەوە بۆ سەردەمەکەی خۆی کە 2705 ساڵ بەر لەئێستا بووە.

**سەرچاوەکان**

1_ئارییەکان و مادییەکان.ن/ئەردەشێر خودادایان لە و/ عەلا نوری سلێمانی 2003
2_چیانیشنانی زاگرۆس ن.هورمزی بیلگەری .لە و/حەمەی حەمە سەعید .سلێمانی 2004
3_تاریخ الکورد القدیم .تالیفان د.جمال رشید احمد و د.فوزی رشید .اربیل 1990
4_محاچرات فی تاریخ القدیم: تالیفان د. عامر سلیمان و د احمد مالیك الفتیان موصل1978
5_یەکبونی قەومی کورد و ماد/ ن حەبیبولاٌی تابانی لە و/جەلیل گادانی سلێمانی 2004

※(ئەکسس)ناوێکی کۆنی یۆنانینە کە لەسەرچاوەکان ئاماژەدەکرێت کە ناوی روباری ئێستای (ئاراس)بێت،کە لەچیاکانی (مین گوڵەوە)سەرچاوە دەگرێت.

※(سوسیان)واتا شاری عیلامیەکان کە لە دوایدا بووە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عیلامیەکان.

کوردستانی باشوور_شاری سۆران

لە کۆتایی هاوینی 2005 لێکۆڵینەوەی لە سەرکراوە